# هونەرمەندانی نارازی ئەمرۆ بێت یان سبەی پێویستە رێکخراوی سەربەخۆ پێك بهێنن ؟

**عومەرمحەمەد**



رۆژی 2006/9/26 ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندانی شاری سلێمانی بە پشتیوانی دەیان هونەرمەندی تر چوونە بەردەم رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان ونارەزایەتیان دەربری، ئەوەندەی من لەنیازو مەبەستیان تێگەیشتووم ململانێیەکەیان هەتا ئێستا تەواو رەوایەو هەلوێستێکە تۆوی گۆرانی جدی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، گۆرانێك کە دەشێت بڵێین دیالۆگو مەدەنیەتی لێشین دەبێت. بێگومان هەرلە ئەنجامی ئەوتێگەیشتنەشمەوەیە کەبەرەو پێریان چووم و پشتگیرییان دەکەم، خزمەتی ئەو جوڵانەوەیەدەکەم کەناوی نارازی لە خۆی ناوەو جورئەتی"نا"ی کردووە.

ئەوەی لەم سەرەتایەوە دەمەوێت بیلێم ئەوەیە کە ناخوازم وەك هونەرمەندێك بدوێم، ئەگەرچی رەنجێکی زۆریشم لە پێناوی کاری شانۆیدا وەو شەونخونی زۆریشم لە هۆڵەکانی نمایشکردن وسەرتەختەی شانۆدا بەسەر بردووە، رۆڵم لەشانۆدا بینیوەوکاری هونەریمکردووە، بەڵام لە تێروانینی قوڵمەوە بۆ داهێنانی هونەری و وەزیفە گرنگەکەی، هێشتا ئەومافەم بەخۆم نەداوە سیفەتی هونەری بخەمە پاڵناوی خۆم، بۆیە بەمافی خۆمی دەزانم بەلای کەمەوە وەك بینەرێکی باشی شانۆ، وەك مرۆڤێك کەلە گرنگی رۆڵی هونەر تێدەگەم، هەرهیچ نەبێت وەك کەسێك کە هونەربەگشتی وشانۆم بەتایبەتی خۆش دەوێت، حەقی خۆمە وەك رێزلێنانێك دەنگم بخەمە پاڵ ئەو گروپەی کە دەخوازێت، نەك هەر رێکخراوی هونەرمەندان، بەڵکو کۆمەڵگە بەرێتە ئاستێکی گەشەترو پێگەیشتووتر، رێکخراوێکی هونەری لە گەندەلی پاك بکاتەوەو ئەو خەونەی من بهێنێتەدی.

هەمیشە خواستومە ئەستێرەکانی هونەری شانۆ لە ئاسمانەوە بدرەوشێنەوە، بۆیە بەجدی لەخزمەتی هەموو ئەوهەناسانەشدا دەبم کە قەدری هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی دەزانن وتێدەکۆشن بۆئەوەی لەزەت وجوانی وتێگەیشتن ماڵئاوایی لەشانۆ نەکات، ناهێڵن شانۆ بکەوێ وببێتە گاڵتەجار، ناهێڵن هۆڵەکانی شانۆ ببێتە شوێنی هەواوهەوس و رێکخراوو مەڵبەندە هونەرییەکان پڕبن لە کەسانێك کە کاریان هونەرنیە.
لەم تێفکرینەمەوەیە ئەو "نا"یەی هونەرمەندانی نارازی بەهەند دەگرم، بەبناغەیەکی باشی بنیاتنانی رێکخراوێکی مەدەنی وباشتری دەزانم بۆ ماڵی هونەری کوردی، هیوادارم پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش ئەم نارەزایەتی‌یەی هونەرمەندان بەهەند بگرن، بەلای کەمەوە ئەو راستی‌یە لە بەرچاوبگرن، کە هەرنارەزایەتیەك سەرەرای هەر ئاڵۆزی ونارۆشنی و خاڵە لاوازەکانیشی، لایەنێکی زۆری حەقانیەتی تێدایە.

بروام وایە حکومەتی دیموکراسی ئەو کاتە رێز لەمەبدەئی دیموکراسیانەی خۆی دەگرێت، کە رێز لە بیروڕای جیاوازودیدی ئەوی تردەگرێت، دیموکراسییەت ئەوکاتە دەتوانێت ببێتە واقع کە ئۆپزسیۆنێکی بنیاتنەری لە دەروێشێکی گرگن بەلاوە پەسەند ترە، بە پێچەوانەشەوە هەرپروپاگەندەیەك بۆ دیموکراسی وێرانکردنی سەرجەم کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوەو سەرئەنجام دەرگاو پەنجەرەکان بەرەو داخران دەبەن و رێگەنادات گەندەلییەکانی حەوشەو بانی ماڵی خۆت ببینی.

ئەوقەیرانە رۆشنبیریەی بەرۆکی حکومەتی کوردی ودەسەڵاتە سیاسییەکەی گرتووەو رۆژ بەرۆژ بەرەو وێرانی زیاتری دەبات، ئەگەر حکومەت نییەتی دەربازبوونی لەم قەیرانە هەبێت، ئەوا پێویستە یەکەم ئالیەتی چالاك ئەو "نا"یە بێت کە لەلایەن توێژەکۆمەڵایەتیە جیاوازەکانەوە بەتایبەتی رۆشنبیران وهونەرمەندان بە رووی گەندەڵی و نەخوێندەواری و کەسانی ناشایستە لە پۆستەئیدارییەکانی حکومەتدا بەرزیانکردووەتەوە.

یەکێتی هونەرمەندان و سەندیکای هونەرمەندان کە ئێستا لەدوای یەکگرتنەوەیان رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانیان پێکهێناوە، نەدەبوو نەك هەر بەشێك بن لە( گەندەڵی، شەڕی ناوخۆ، کوتلەکاری و پێناسە بەخشینەوەی هونەرمەندان...هتد ) بەڵکو دەبوایە وەکو رێکخراوی ئەو توێژە رۆشنبیرەی کە کۆمەڵگا چاوی لە دەست و دەمیان بوو بەجدی رێگر بوونایە لەهەریەك لەم دیاردە دزێوانە، ئەو دوو رێکخراوەو رێکخراوەکانی تریش.. دان بەو حەقیقەتەدا بنێن یان نا رابووردوویەکی تەلخ و پرلە شەرمەزارییان بۆخۆیان تۆمارکرد، کە لە گەڵ یەکەم تەقەی شەڕی ناوخۆ ئەوان دوولەت بوون و شان بەشانی تفەنگەکان سەنگەریان لەیەکگرت، هونەریان وەلاناو بونە کۆمیتەیەکی حزبی،

بەراستی ئەو شەرمەزارییە هەروا بە ئاسانی ناسڕێتەوە کە هونەرمەندان لەشەری ناوخۆدا لە پێش حزبەکانەوە لێک جیابنەوەو لە ئاشتبوونەوەو یەکگرتنەوەشدا لەدوای حزبەکانەوە بەریتمی کیسەڵ بۆ یەکگرتنەوە بڕۆن. بەداخەوە ئەم پاشکۆیەتییە دەبوایە زووتر لەلایەن هونەرمەندانەوە هەلوێستی لێوەرگیرابا و نارەزایەتیان دەربرییا.

ئێستاش بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ هەموو دروشمەکانی هونەرمەندانی نارازیدا نیم بەلای کەمەوە توندییەک دەبینم ، هەندێك حوکمی نالۆژێکی دەرهەق بە "رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان" دەبینم، لە راستیدا من پێموانیە دەستەی باڵای رێکخراوەکەو ئەندامەکانی جاهیل بن، لۆژیکی ئەمدەستەواژەیە لەگەڵ ئەوسەروەختەدا تەواوناکۆکە کە ئەو ئەندامانەی لە رێکخراوە دولەتبووەکەدا دەنگیانداوەو ئێستا نارازین تەواو ناکۆك‌وناتەبا دێتەوە، چونکە هەرهیچ نەبێت دەنگیان بەو دەستەیەداوەو هەلیانبژاردوون بۆ نوێنەرایەتی، بریا ئەوان جاهیل بوونایەونەیانتوانیبا رێکخراوێکی وەکو هونەرمەندان کۆنترۆڵ بکەن بۆ گەندەڵی، چونکە لە هەموو حاڵەکاندا سزای جاهیل سوکترە، لەوەی کە هونەرمەند دەستبەرداری هونەر بێت‌و ببێتە مایەی گەندەڵی‌و زەمینەی گەندەڵ بوونی هونەروهونەرمەندان برەخسێنێ، یان رێکخراوێکی هونەری وێران بکاو بیکاتە شوێنی کۆکردنەوەی کەسانێك کە سیفەتی هونەرمەند نایانگرێتەوە.

بێگومانم ئەو توندییەی هونەرمەندانی نارازیش بێهۆ نییە، قسەو نوسینی توند لە گەندەڵی دزێوتر نییە، بە پێچەوانەوە خودی گەندەلی سەرچاوەی توندرەوی‌وگەلێ نەگبەتی تریشە.
ئەوەی گرنگە لێرەدا پەنجەی بۆ راکێشین ئەوەیە کەوا لەم سەردەمی کرانەوەو پروپاگەندەی دیموکراسییەی ئەمڕۆدا، ئەوەی زەمینەی پێگەیشتن‌وتێگەیشتن نارەخسێنێ پاشکۆیەتی‌ودۆگمابوون‌و چەقبەستنی رێکخراوێکی وەك هونەرمەندانە بەنەریتە کۆنەکانەوە. ئالییەتە سواوەکانی کەلتورێکی چەقبەستوون، وابەستە بوونێتی بە بریارە حزبی‌و سیاسییەکانەوە، ئاخر هەر رێکخراوێك ئەگەر دیدێکی ئازادو سەربەخۆی نەبێت، ئینتمای بۆ گۆران نەبێت، رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ نەگرێت، هاوچەرخ نەبێت‌و ئالییەتی سەردەمانەی پێنەبێت بۆ ئاستێکی بالآتروگەشەسەندوتر، سەرئەنجام ناتوانێ لەوقەیدوبەندانەش دورکەوێتەوە کە ئەو لێیان دەترسێ. ناتوانێ خەم لە ئازادی خۆی بخوا چ جای ئازادی هونەرمەندان بکاتە خەمی خۆی!

رێکخراوێکی وەکو یەکێتی هونەرمەندان یان سەندیکای هونەرمەندان دەبوایە یەکەمین رێکخراوبن کەوا بەرەو گۆرانی جدی هەنگاوبنێ، ئەوگۆرانەی لە ئاستی کۆمەڵگەشدا رەنگی بدایەتەوەو کاریگەری هەبوایە.. دەبوایە یەکەمین رێکخراو بوایە تۆوی مەدەنیەت‌ودیالۆگی بڕشتایەو لە دوای راپەرینەوە تاکی کوردی لە مەترسییەکانی خورافەو تەوتەمییەت‌وکاریزماچێتی ورياکردبایەتەوە، دەبوایە یەکەمین رێکخراو بوایە پێشرەوی لە لە ریشەکێشکردنی رەفتارو کەلتوری بەعسیزمدا بکردایە، دەبوایە یەکەمین تام‌وبۆی ئازادی لەگوزارشت‌و داهێنانی هونەرمەندانەوە بگەیشتایەتە ماڵەکانمان. وەلێ ئەفسووس .. کەشێکی وایان خولْقاند هونەرمەندان چاویان لە دوای خێروسەدەقەی حزبەوە بێ، ئەویش بە تەسکییەی ئەو دورێکخراوە کەرتبووەی ئێستا یەکیانگرتووەتەوە، لە کاتێکدا ئەوەش دادی هونەرمەندانی نەداو دەیانیان گەلەری‌وهۆڵی نمایش‌وتەختەی شانۆیان چۆڵکردوو دابەشبوونە ناو مەیدانە جیاوەزەکانی نان پەیداکردنەوە، بوونە کارمەندی چاو لەدەستی راگەیاندنی حزبەکان، ئەوانەی ملیان بەم خێروسەدەقەیەش نەدا دەیانیان ولآتیان بەجێهێشت‌و چەندینیان بوونە دەرگاوان‌وحەرەس‌و چلورە فرۆش‌وکۆنەفرۆش‌و عەرەبانچی، کەم نەبوون ئەو هونەرمەندانەی رۆژانە لە نێوکێڵگە مینرێژەکراوەکان شەڕی خۆێن‌ومەرگ‌ونانیان دەکردو لەگەڵ رێکخراوە بیانییەکان دامەزران بە کاری ناهونەرییەوە خەریك بون.

هۆڵەکانی شانۆ باجییان خرایە سەر، کەچی هەتا هۆڵێکی شانۆ سوکە نۆژەنێك دەکرایەوە دەیان مزگەوت دروستدەکران، نەسرییەی تەکییەو دیوەخانەکان چەندین جار لەهونەرمەندان بەرزتربوو. کەچی ئەوەی چاو بەرەژێری حزب بوو هونەرمەندان بوون نەك ئەوان، ماڵەکانی حزب بەرزتر دەبوونەوەو هۆلەکانی شانۆ بەتایبەتی لە شارۆچکەکاندا هەموو سیمایەکی هونەرییان لەدەستدابوو. کەچی بەو حالەشەوە ماڵی "دولەت بووی هونەرمەندان" خەریکی پاساوهێنانەوەو شەرعییەتدان بوو بەلەتەکانی خۆی‌و ئەندامگیری زیاتریان دەکرد، بێئەوەی لە تواناو لیاقەی هونەری کەس بپرسننەوە، هەروەك ئێستا خۆیان ئەمەیان کردووەتە پاساوو دان بەو راستییەدادەنێن کەوا زۆربەیان لایەق بەو تەسکییەو پێناسانە نەبوون!! کەچی ئەمرۆ کە دێت بێپرس‌ورا بەوکەسانەو بە زۆربەی هونەرمەندانیش کۆنگرە دەبەستن‌و ئاوڕێکی رەخنەگرانە لە گەندەلییەکانی خۆیان نادەنەوە، لە بری ئەوەی بەراستی رێز لەبیروراى جیاوازی هونەرمەندانی نارازی بگرێت، لەبری ئەوەی بەراستی بەرەو گۆرانێکی تەندروست هەنگاو بنێ، لەسەر هەمان عەقلییەتی خۆی سوورەو بەتوندی روبەرووی هونەرمەندان دەبێتەوە، نەك ئامادەنییە بە

پرنسیپە دیموکراسییەکان مامەلەیان لەگەڵدا بکات، بە پێچەوانەوە هەوڵدەدات ئەم( نا ) یەی هونەرمەندانی نارازی بەئاقارێکی ناشریندا بەرێ، کە تەواو نامەدەنیانەبێت، قەوارەی داواکارییەکانیان بچوك دەکاتەوەو بە پاساوی نالۆژیکی خۆی لەوە دەدزێتەوەو رێز لە داهێنان وجموجۆلی هونەرییان بگرێت، پشت ئەستور بە دەسەڵاتی سیاسیو پاشکۆیەتی خۆیو زۆریوبۆری ئەندەمانی مامەڵەی نادیموکراسیانە دەکات. لێرەدا پێمباشە هەلوەستەیەك بکەمو بپرسم ئاخۆ ئەو کەسانەی دۆێنێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیعتباری هونەریو ئاستی هونەرییان، پیناسی هونەرمەندانیان خراوەتە باخەڵ، ئەمرۆ چۆنوبەچ پاساوێك لێیان وەردەگیرێتەوە؟ ئەگەر ئەوە سوکایەتییەك بووبێت بەهونەرو رێکخراوەکە، ئەوا تەقلیسکردنو دلشکاندنیان سوکایەتیە بەمرۆڤ بوون وکەسایەتییان.

بەرپرسیارێتی زۆربەی ئەو ئەندامانەی لە راستیدا نەك هەرهونەرمەند نین، بەڵکو سەروکاریان لەگەڵ هونەروکاری هونەریشدانیە، بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی دەستەی باڵای ئەو دوو رێکخراوەی ئێستا یەکیانگرتووەتەوەو دەیانەوێت تەقلیسیان بکەن، ئەمەش بەرلە هەرشتێك سوکایەتی کردنێکی بێپەردەیە بە یەکێتی یان سەندیکای هونەرمەندانو گاڵتەکردنیشە بە بەداهێنانی هونەری. کەچی سەرۆکی هونەرمەندان دەستەچەورەکەی خۆیان بەو کۆمەڵە هونەرمەندەدا دەسرێتەوەو لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی شاری هەولێردا دەلێت ئەوانەی نارازین هەندێکیان هونەرمەندنو زۆربەشیان هونەرمەندنین!!

لە سەرتای هەشتاکانەوە وتە بەهادارەکەی بیرمەندی گەورەی شانۆ " برتۆلد بریخت" بەردەوام وێردی سەرزمانی هونەرمەندان بووکە دەیانووت: ( نانوشانۆیەکم بدەرێ، گەلێکی بەختیارت دەدەمێ ) کەچی هەموو نوێخوازییەکەی یەکیتی هونەرمەندانو سەندیکای هونەرمەندان ئەوەبوو کە شەقێك لەم شعورە گەورە هونەریە هەڵبدەنو بەئاقاری پیێچەوانەدا تەرجمەی بکەن، ئەوان بەو تێگەیشتنە کاریانکرد بەحزبەکانیان بلێن: ئێوە پۆستوکورسیو ئیمتیازاتەکەیمان بدەنێ ئێمە کۆمەلێك هونەرمەندی بێدەنگو بێزمانتان دەدەینێ، لەدوای را پەرینەوە هەوڵیانداوە تورەکەی سواڵ بکەنە ملی هونەرمەندانو چاوبەرەژێریان بکەنو وزەی داهێنانیان سنورداربکەن. تەنانەت ئەو خێر پێکردنەش بە تەسکییەی رێکخراوەکان بووە نەك بەماندووبونو داهێنانی هونەری .

بۆیە هیچ ئومێدێکم نییە وەها عەقڵیەتێك لەداهاتوشدا بگۆڕێنو دۆخەکە باشتر بکەن، ئێستاش کە قەیدوبەندێکیان بۆ وەرگرتنی ئەندام داناوە زیاتر بۆ تەقلیسو مەحرومکردنی کەسانێکە کەئەوان نایانەوێت سەروفەساڵی ببینن، دەنا تقیمی هونەری بە دوو قسە نابرێتەوە، ئەو قەیدو بەندە سەرەنجام هەرئەوەی لێدەکەوێتەوە کەوا هونەرمەندێکی موسیقیو دەهۆڵکوتێك لێك جوداناکەتەوە، موهەریجێكوداهێنەرێك تالە مویەك لەنێوانیاندا نامێنیتەوە. بەداخەوە لە دوای کۆنگرەی رۆژی 9/20 ویەکگرتنەوەو گۆڕینی ناوی رێکخراوەکە هیچ گۆرانکارییەکی تەندروست نابینی. نەقیبی رێکخراوی هونەرمەندانیش کە دەلێت، زۆربەیان هونەرمەند نەبوون ئەمە لەراستییەوە دوورە، بەڵکو زۆرینەی هەرە زۆریان هونەرمەندنو کەس ناتوانێت پێناسەی هونەرییان لێبسەنێتەوەو ئەو مافەیان لێزەوت بکات.

دواجار دەخوازم هونەرمەندانی نارازی بەراستی بەدوای گۆرانەوە بن، ئەگەرچی بەش بەحالی خۆم باوەرم وانیە ئەو گۆرانە لەناو رێکخراوی هونەرمەنداندا دروست ببێتو ئەنجامێکی باشی هەبێت، بەڵام دەشێت هەوڵ بۆ گۆرانێك بدەین، کە ئیدی ئەوانەی لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا کاردەکەن پێی ئاسوودەبنو بەرلەهەرشتێك هونەرمەند تیایدا هەست بەمرۆڤبوونی خویوداهێنانی هونەری خۆی بکات، بەڵام تاچەند لە ناو رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان ئەوە دێتەدی ئەوەیان مەسەلەیەکە باسی زیاتر هەڵدەگرێت، دەنا من لەئێستاوەدەبینم کە هونەرمەندانی نارازی ئەمرۆ بێت یان سبەی هەردەبێت پێبخەنە ناو ئەمری واقعەوەو رێکخراوێکی ئازادو سەربەخۆی هونەری وا پێك بهێنن کە جیگەی هەموو دیدە جیاوازەکانی تێدا ببێتەوەو هەموو لایەك تیایدا تەندروست بنوکەرامەتیان پارێزراو بێت.